هەزاران مامۆستای شارەچکەکان ڕوویان لە سلێمانی کرد بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی فراوان

لە بەیانی ئەمڕۆ دووشەممەوە 3ـی شوباتی 2025، هەزاران هاوڵاتی و مامۆستای شار و شارەچکەکانی پارێزگای سلێمانی ڕوویان لەشاری سلێمانی کرد بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی فراوان دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هاوکات، ماوەی حەوت ڕۆژە چەندین مامۆستای نایازی لە پێنداینی مووچەو شایستە دارایییەکانیان لە سلێمانیان لە خواردن گرتووە، مامۆستایانی نایازی دەڵێن، "سوورن لەسەر مانگرتن تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانیان".

لەلایەکی ترەوە، لە هەولێری پایتەخت، مامۆستا عەلی ڕئووف مستەفا، نوێنەری گشتی مامۆستایانی گرێبەست لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا، دوای ئەوەی داوای کردبوو خۆپیشاندان لە هەولێر و دهۆک دژی حکومەتی هەرێم بەڕێوەبچێت بەهۆی پێنداینی شایستە دارایییەکانیان.

لەکاتێکدا تا ئەمڕۆ دووشەممە 3ـی 2ـی 2025، حکومەتی کابینەی نێیەمی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی مانگەکانی 12ـی 2024 و مانگی 1ی 2025 دابەشنەکردووە.